Referendum Movement in Kurdistan

# ڕاگەیاندنی کۆتایی سێهەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی ڕیفراندۆم ( سوئید- ستۆکهۆڵم )

بەبەشداری نوێنەری کۆمیتەی باڵای کوردستان کاک هەڵکەوت عەبدوڵا و چەند ئەندامێکی کۆمیتەی باڵای سوئید وە چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ڕیفراندۆمی ڤێستەڕۆس وە کۆمەڵێك خەڵکی دڵسۆزی دانیشتوی ستۆکهۆڵم لە ڕۆژی 06 11 2005 لە هۆڵی (تریڤ ( 12 ) لە ئاکالە کۆمیتەی ڕیفراندۆم (سوئید – ستۆکهۆڵم ) سێهەمین کۆنفرانسی خۆی سازدا .
سەرەتا کۆنفرانسەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری کۆنفرانسکەوە بەخێرهاتنی گشت میوانەکان کرا .
پاشان لەلایەن کاک هەڵکەوت عەبدوڵاوە باسێك بەگشتی دەربارەی بارودۆخی ئێستای بزوتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان و چالاکییەکانی ئەم دواییەی بزوتنەوەکە کرا ، وە دوایی دەرگاکرایەوە بۆ پرسیار کردن دەربارەی باسەکەی کاک هەڵکەوت وە کاک هەڵکەوتیش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە .
تەوەرێکی دیکەی کۆنفرانسەکە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ڕیفراندۆمی تازە بوو کە خۆشبەختانە ژمارەی 15 کەس لە ئامادەبووان خۆیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببنە ئەندام لە کۆمیتەی کارگێڕی ستۆکهۆڵم وە بەتێکڕای دەنگ ئەو

15 ئەندامە پەسند کران وەکو ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی ڕیفراندۆم لە ستۆکهۆڵم وە بەڵێنیان دا کە هەرچی کارێکیان پێ بکرێت بۆ بەرەو پێشخستنی کۆمیتەی ڕفراندۆمی کوردستان درێخی نەکەن وە پاشان کارەکان دابەش کرا بەسەر ئەندامانی کارگێڕی تازەدا وە سێ کۆمیتە دروست کرا ( کۆمیتەی پیوەندییەکان – کۆمیتەی ڕاگەیاندن – کۆمیتەی دارایی ) .

لەکۆتایدا کۆنفرانسەکە بەسەرکەوتویی کۆتایی پێ هات .

کۆمیتەی ڕفراندۆمی کوردستان
سوئید – ستۆکهۆڵم 15 11 2005